# دەمەتەقێی چلونۆیەمینی گرووپی گوڵنار لەگەڵ شەفیقی حاجی خدر "نووسەر و وەرگێڕ"




*** هەموو هاوکارییەکی ئێران و مۆساد و سی ئای ئەی ئەمریکی بۆ کورد کاردانەوە بووە دژی ڕژێمی قاسم و بەعس**

*** شای ئێران لەسەر داوای ئیسرائیل یارمەتی شۆڕشی کوردی دەدا**

*** ئیسرائیل بۆیە یارمەتی شۆڕشی کوردی دەدا تا عێراق دوور بکەوێتەوە لە بەرەی شەڕی سوریا-فەلەستین**

*** ئەو پەیوەندییەی کە کورد لەگەڵ ئیسرائیل هەیبوو لە ڕێگەی دەزگای مۆسادەوە درووست بوو.**

*** بەداخەوە پەیوەندی نێوان کورد و ئیسرائیل بە سوودی کورد نەشکایەوە.**

*** کورد سوودێکی ئەوتۆی لە پەیوەندی خۆیی و دەوڵەتی ئیسرائیل وەرنەگرت، کە بەسەر پرسی نەتەوایەتییدا ڕەنگبداتەوە.**

*** ئەوەی کە ئێمە بە پرسی بە دەوڵەتکردنی کوردی دەزانین، گەمەیەکی دەزگا هەواڵگرییەکانی جیهان بوو.**

*** ئەو پێناسانەی کە ئێمە لە کتێباندا سەبارەت بە نەتەوە و بە شۆڕش خوێندوومانەتەوە، بەتەواوی لەسەر شۆڕشەکانی ئێمە جێبەجێ نابێت.**

*** لە سیاسەت و حیزبایەتی شکستم هێنا، بۆیە ڕوومکردە ئەدەب و نووسین و وەرگێڕان.**

**گوڵنار: کورتەیەک لە ژیان و پرۆفایلی خۆت باس بکە.؟**

**شەفیق: من ناوی تەواوم (شەفیقی حاجی خدر)ە، خەڵکی گوندی گرتکم، (گرتک و ڕوست) دوو گوندن لە بناری هەڵگورد، لە دامێنی حەسارۆست، سەر بە ناوچەی باڵەکایەتی قەزای چۆمانە. خوێندنی سەرەتاییم لە گرتک تەواوکردووە. بەگوێرەی ناسنامەی باری شارستانی بێت لەساڵی ١٩٦٨ لەدایکبووم. لە مانگی تەمموزی ١٩٧٨ گوندەکەمان بەر شاڵاوی ڕاگواستن کەوت. دوای شۆڕشی ١٩٧٥ بەعس بەحسابی خۆی بۆ حەرامکردنی ئەو خاکە بە درێژایی ٣٠ کیلۆمەتر لەسەر سنووری ئێران - تورکیاوە بە قووڵایی ناوەوە بەشی زۆری گوندەکانی ڕاگواست. باڵەکایەتی بەر سەرەتای ڕاگواستنی گوندەکان کەوت، دۆڵی باڵەییان لە ١٩٧٧ بەر شاڵاوی ڕاگواستن کەوت، ئێمەش لە ١٩٧٨ ڕاگوێزراین.. سەیر لەوەدایە ئەو کاتە من شەشی سەرەتاییم تەواوکردبوو، یادەوەریی منداڵیش لە هەندێ شتدا زۆر باشەو لە هەندێ شتیشدا هیچی بە بیر نایەتەوە، ئەوەی زۆر بە ڕوونی و جوانی بە بیرمدا بێتەوە پرسی هەڵگیران و شێوازی هەڵگیران و کارەساتەکەی هەڵگیران، بە دەستەواژەکەی لای خۆمان کە لە کتێبەکانیشمدا بەکارم هێناوە (کێفەڕات)، وشەی (کێفەڕات) هەم کوردییە و هەم مانایەکەی قووڵترە و بەرفرەوانتریشە لە کارەسات، چۆن گوندەکانیان ڕاگواست کە نزیکەی بیست و شەش گوند بوون، جادەیەکیان لە توولە ڕێیەک کردەوە ئەو شوێنەی کە شۆفلی دەگەیشتێ خانووەکانیان دەڕووخاند، ئەو شوێنەش کە شۆفلی پێنەدەگەیشت (تی ئێن تی)یان لە بندا دادەنا و دەیانتەقاندەوە.. دیمەنی تەقینەوەکان و هات و هاواری خەڵک و ئاگر و ڕووخاندن تا ئێستاش لەبەرچاومە، هەر بە نیاز بووم بیاننووسمەوە بەڵام بەهۆی وەرگێڕانەکانمەوە تا ئێستا نەلواوە، بەڵام ئەوەی گرنگ بێ و لە هەندێ شوێنیشدا ئاماژەم پێکردووە. ئێمە کاتی خۆی دەستنووسێکی کۆنمان لە باو و باپیرەوە بۆ جێمابوو. نیوەی قورئانی پیرۆز بە دەستخەت، کە ئێستا لای(ڕەقیب)ی برا گەورەکەمە. ئەو کاتە لە مزگەوتی گوندەکەمان بوو، کە ئاگر گەیشتە مزگەوتەکە باوکم بەر لە هەموو شت بە برا گەورەکەمی گوت برۆ قورئانەکە بێنە. قورئانەکە بە ناوی (قورئانێ پیرەباوی) بەناوبانگە، بە خەتێکی کووفی زۆر جوان نووسراوەتەوە. سەیر لەوەدایە لە ژێر هەر وشەیەکی ئایەتەکانی قورئان وەرگێڕانێکی دەقاو دەق و وشە بە وشەی فارسییە بە نووسینێکی سوور هەیە. پەڕاوێزەکەشی کۆمەڵێک تەفسیر و لێکدانەوەی ڕێزمانییە، مەبەستم ئەوەیە لەگەڵ سووتماککردنی گوندەکەماندا باوکم لەڕێی براکەمەوە توانی ئەو قورئانە ڕزگاربکا و بیهێنینە لای خۆمان.**

**کە ئێمە ڕاپێچکراین، دابەشکراین بەسەر کۆمەڵێک ئۆردوگای زۆرەملێ، بنەماڵەی ئێمە و بەشێک لە خزمەکانمان بەر (دیانا — سۆران) کەوتین، لە ١٩٧٨ەوە هاتینە دیانا، ئەو کاتە سۆران نەبوو هەر ناحیەی دیانا هەبوو، ئۆردوگایەکی هەزار ماڵی هەبوو، بەشێکی کە ئێمە بووین خەڵکی ڕوستێی دۆڵی باڵەکایەتی بووین، بەشێکی بارزانییەکان بوون، بەشێکیشی برادۆستی بوون. لەگەڵ ئەو گوندە سەرەکییەی کە پێشتر لە دیانا، کە پێکهاتبوو لە (موسڵمان و کریستیان)، دوای دوو ساڵیش گەڵاڵە و چۆمان هەڵگیران و بەشێکی زۆریان هاتنە دیانا، دواتر قەزایەکیان لێدرووست کرد بە ناوی (سدیق)، ئەوەبوو سیفەتی قەزایەتییان لە شاری ڕواندزی پایتەختی پاشای گەورەیان داماڵی، هەڵبەت ئەمەش بەمەبەستی تەرحیلکردن بوو. دوای ڕاپەڕینیش ناوەکەی گۆڕدرا بۆ سۆران.**

**خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیم لە دیانا و سۆران تەواوکرد، ساڵی ١٩٨٤ پۆلی شەشی ئامادەییم لە سۆران تەواوکرد، پاشتر بەپێی نمرە هاتووەوەکان بەر بەغدا کەوتم و کۆلێژی قانوونم لە ساڵی ١٩٨٨لە بەغدا تەواوکرد. دوای ١٩٨٨ نزیکەی دوو ساڵ بەر عەسکەری کەوتم. سەربازێکی زۆر شەپڕێو بووم. پێش لێدانی**

کوەیت هەڵهاتم و لە دیانا خۆمان گرتەوە، کە ڕاپەڕین داهات و لەگەڵ سەرەتای ڕاپەڕیندا هاتنەوەی بەرەی کوردستانی شتێکیان لەپاڵ بەرە درووستکرد کە پێکهاتبوو لە کەسە یاساییەکان بە دەستپێشخەری شەهید (نووری نانەکەلی) و کۆمەڵێک برادەری دیکە. داواشیان لە من کرد و منیش لەگەڵ ئەوان کەوتم، شتێکمان درووستکرد بەناوی (دادگای شۆڕش) یا دادگای پشتیوانی بەرەی گەل. نزیکەی ساڵێک لەگەڵ ئەوان ئیشمکرد. دوای ئەوەش چوومە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و بەتایبەت لەلاپەڕەی ٢ و ٣ شتم دەنووسی. لەوێ وەک کارمەند دامەزرام، لە هەمانکاتیشدا لە پەیمانگای کادران وانەی مافی مرۆڤ و سیستەمە سیاسییەکانم دەگوتەوە، تا کارەساتی ٣١ی ئاب بەسەردا هات. لەوێوە ئێمە شاربەدەر و وڵاتبەدەر بووین و چووینە هەندەران. لە تەمموزی ١٩٩٧ لەگەڵ خێزانەکەم گەیشتینە هۆڵەندا و لەوێ گیرساینەوە. نزیکەی ١١ ساڵ لەوێ ماینەوە. گرنگ ئەوەیە لەو ١١ ساڵەدا زمانی هۆڵەندی و خوێندنی هۆڵەندی و خولی هۆڵەندی بۆ وەرگێڕان فێر بووین و بە شێوەیەک لە شێوەکان توانیم تاقیکردنەوەی زمانی هۆڵەندی وەکو زمانی دووەم بدەم و تێیدا سەربکەوم. لەدوای ٢٠٠٧ەوە گواستمانەوە بۆ بەریتانیا. لە ٢٠١٠ – ٢٠١١ خۆم هاتمەوە هەولێر، لەو کاتەدا کاک دکتۆر بەرهەم (کە ئەو کات سەرۆکی حکومەت بوو) لە دوای ناردم و لە نووسینگەکەی ئەو بە پلەی بەڕێوبەری گشتی وەک ڕاوێژکارێکی قانوونی و ڕۆشنبیری بۆ ماوەی ساڵێک کارمکرد. دوای ئەو ساڵە دووبارە چوومەوە ئەورووپا، نزیکەی ٥ ساڵیشە بە یەکجاری گەڕاومەتەوە کوردستان.

گوڵنار: کەوایە ئێستا لە ڕووی باکگراوندی فیکرییەوە لە یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە نزیکی.؟

شەفیق: لە ڕووی سیاسییەوە کاتی خۆی وابوو، لەڕێکخستنەکانی ژێرزەمینی کۆمەڵە بووم، بەڵام ئێستا سەر بە هیچ حیزبێکی سیاسیی نیم. کێشەی من لەگەڵ سیاسەت و حیزبایەتی ئەوەیە، ئەگەر بە خاکەڕاییانە و زەقوزپۆپ بیڵێم شکستم هێنا، بۆیە لە سیاسەتەوە بامدایەوە سەر ئەدەب و نووسین و وەرگێڕان.

گوڵنار: باست لە خیانەتی ٣١ی ئاب کرد، بۆچی نەتەوەی ئێمە هانا بۆ ئەم جۆرە لە خەباتکردنی نا درووست دەبات.؟

شەفیق: پرسیارێکی زۆر بەجێیە، دەبێت پرسیار بکەین لەوەی ئایا بنەڕەتی ماکی نەتەوایەتی لای کورد، یا بەو توخمانەی کە هەر نەتەوەیەکی پێدەناسرێتەوە چییە؟ ئایا ئێمەش وەکو کورد نەتەوەین یا نا؟ ئایا بەو چەمکە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەی کە باوە کورد نەتەوەیە.؟ من بۆ ئەوە کەمێک بە گومانم، ئەگەر سەیری مێژووی کوردیش بکەین زۆرجار ئەو قسەیە دووبارە دەبێتەوە کە مێژووی کورد خۆی دووبارە دەکاتەوە، لە ڕاستیشدا وایە، بەڵام بە شێواز و ڕەنگی دیکە. ئەوەی من لە شۆڕشەکانی کورد لە سەرەتای سەدەی ڕابوردوودا تێیگەیشتووم، ئەوەی کە باس دەکرێ لە دوای سایکس پیکۆ، لەو ١٠٠ ساڵەی دواتریدا، ئەو شۆڕشانەی کە کراون ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەڵ شۆڕشی وڵاتەکانی تر یا هیچ نەبێت لەگەڵ دراوسێکان، دەبینی جیاوازییەکی هێجگار زۆر هەیە. ئەو جیاوازییە لە ئەنجامدایە، هەروەها لە ستراتیژیش دایە. بەلای منەوە هەر کارێک بە ئەنجامەکەیەوە دەپێورێت. کار بە کۆتاییەکەیەوە دەپێورێت و دیاریدەکرێ. کۆتایی هەموو ئەو کارانە، ئەو جموجووڵانە، هەموو ئەو شۆڕشانەی کە کورد کردوونی، کۆتاییەکەی کارەسات بووە، کۆتاییەکەی نوشست بووە، ئەمە وا دەکا ئێمە بۆ ئەوە بڕۆین و لەوە بکۆڵینەوە، کە سەرەتاکەی چۆن دەستپێکردووە و ئەو ڕێڕەوەی کە دەستی پێکردبوو یا لەگەڵی ڕۆیی بە چ شێوازێک بووە؟ کورتهێنی، کەمتەرخەمی، نالەباری لەکوێدایە.؟

من له ڕابوردوودا کۆمەڵێک کتێبم لەسەر ئیسرائیل و دۆزی ئیسرائیل و دەوڵەتی ئیسرائیل وەرگێڕاون. لە ڕووە سیاسییەکەی و سەرکردایەتییەکەیەوە بەراوردەدەکەم، دەبینم لەگەڵ ئەواندا ئاسمان و ڕێسمانمان نێوان هەیە، بۆیە لەم حاڵەتانەدا کورد زیاتر لە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەسەنایەتی یا ماکێتی ئەسڵی خۆی وەرگرتووە کە پرسی خێڵەکی و ڕەواندایەتی و نەکرانەوەیە بەسەر دەرەوەدا، نەکرانەوەی عەشیرەتێکە بەسەر عەشیرەتێکی دیکەدا، ناوچەیەک بەسەر ناوچەیەکی دیکەدا، بۆیە لە چوارچێوەی پرسە سیاسییەکانیشدا کە قووڵ بوونەتەوە، هەر ئەم ڕەنگدانەوەیەی بەسەرداهاتووە. لەم ڕەنگدانەوەیەشدا مانەوەی خود، مانەوەی باوک، مانەوەی مامۆستا، مانەوەی سەرکردە شتێکی جەوهەری بووە لە مێژووی کورددا. ئەو تاکسالارییەی کە فەرمانی وا مەکەو وا بکەی لەدەستدا بووە هەمووی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکەیە، هەموو ئەو حاڵەتانەی لێ بهێنە پێشچاو بە کارەساتی ٣١ی ئابیشەوە. کاتێک سەیری شۆڕشی ئەیلوول دەکەیت یا دواتر ئەو ڕووداوانەی کە لە شۆڕشی ئەیلوول و دواتردا ڕوویاندا، یا ئەو هەستانەوانەی کە لە شۆڕشەکەدا بوون، گەمەیەک یا دەستکەلاییەکی کارانگازیەکی هەرێمایەتی دەرەوە و لە ڕێگەی دەوڵەتەکانەوە بووە، دەوڵەتەکانیش بە گوێرەی خوێندنەوەی من (بەتایبەت لەو کتێبەی کە ئێستا لەبەردەستمدایە، مەبەستم ئەرێ فرۆشتیان؟ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، عێراق و کورد و جەنگی ساردی بریان ڕۆبەرت گیبسن)ە، گەمەیەکە ئەگەر ئێمە بە ناوی پرسی بە دەوڵەتیکردنی کوردمان لە قەڵەمدابێت، بەڵام لەسەرێکی دیکەوە زیاتر دەست تێکەڵکردنی دەزگا هەواڵگرییەکانی جیهانە کە سەرپەرشتی یا پشتوپەنای یا پشتگیری بەشێک لە دۆزی کورد کراوە لە ڕێی ئەوانەوە، مەبەستم ئەوەیە لە هەڵقوڵانییەوە بەشێوەیەکی وەها نەبووە، ئەو پێناسانەی کە ئێمە لە کتێبدا سەبارەت بە نەتەوەو بە شۆڕش خوێندوومانەتەوە لەسەر شۆڕشەکانی ئێمە بە تەواوی جێبەجێ نابێت.

گوڵنار: پێت وانییە کورد هێندە ژێرپێ خراوە، هێندە بۆتە پەیژە و پرد بۆ گەیشتنە ئامانجی کەسانی دیکە، ئیدی کەڵکی بوون بە نەتەوە و سەربەخۆ بوونمان پێوە نەماوە.؟

شەفیق: جەنابت ئاماژە بەوە دەکەیت کە زلهێزەکان ئێمەیان کردۆتە بەردەباز و بەسەرماندا پەڕیونەتەوە، بەڵام ئەو پرسیارە ئەگەر بەشێوەیەکی تر لێکیبدەینەوە، باشە بۆچی ئەو زەمینەیە بەو شێوەیە ڕەخساوە، کە ئەوان بەو جۆرە ڕەفتارمان لەگەڵدا بکەن.؟ مەبەستم ئەوەیە ئاخۆ بە پلەی یەکەم خەتایەکە لە ئەوانە یا لە ئێمەیە؟ لە یاسای نێودەوڵەتیدا و لە پرسی نێودەوڵەتیدا کاتێک هەر نەتەوەیەک، هەر شۆڕشێک خۆی بسەلمێنێت بە حاڵەتێک لە حاڵەتەکان دەبێتە دیفاکتۆ بەسەر دەرەوەدا، بەڵام هەرچی ئەو دیفاکتۆیە بۆ حاڵەتی ئێمەی کورد سازێنراوە، دیفاکتۆیەکی پێچەوانەیی بووە، واتە هێزە دەرەکییەکان و دەزگا هەواڵگرییەکان شتێکیان خولقاندووە لە بەرانبەر ئەو فشارەی کە ئێمە لەسەر ئەو حکومەتانەمان هەبووە کە پێیانەوە لکێنراوین، بەتایبەتی کە باسی کوردستانی خواروو بکەین. ئەو فشارەی کە ئێمە لەسەر حکومەتی عێراقمان کردووە لە ماوەی ڕابوردوودا ئەوە بووەتە دیفاکتۆ نەک هەوڵی ئێمە، پەرەسەندنی ئێمە، ڕاپەڕینی ئێمە، هەڵسانەوەی ئێمە بە شێوەیەک ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەو ئامراز و ئامانجانەی ئێمەدا نەیەتەوە، بۆ نموونە لە ١٩٥٨ بە دواوە هەموو یارمەتییەکی نێودەوڵەتی و هەرێمی بۆ کورد بە (ئێران و دەزگای هەواڵگریی مۆساد و دەزگای سی ئای ئەی ئەمریکی)یشەوە هەمووی کاردانەوە بووە بەرانبەر بە عبدالکریم قاسم و بەعسییەکان لە بۆتەی دەوڵەتی عێراقەوە. بەشێوەیەکی گشتی هێزەکانی نێودەوڵەتی کوردیان لە چوارچێوەی برەوپێدان بە بردنەوە و نەبردنەوەی جەنگی سارددا بینیوە، جەنگی سارد ڕۆڵێکی ئێجگار کاریگەر و هێجگار کارانگەزی کردۆتە سەر ئەوەی کە پێشڕەوتی پرسە نەتەوەییەکانی کورد بەو شێوەیە نەیەتە پێشەوە. لەپاڵ جەنگی

ساردیشدا ئەو شلە بۆگەنەی (مەبەستم نەوتە)، کە لە کوردستاندا دۆزراوەتەوە لە ڕێگای کۆمپانیای نەوتی عێراقەوە کارێکی هێجگار دژواری کردۆتە سەر ئەوەی، کەوا پرسی کورد لەو قاوغە تەسکە چوارچێوەییەی ئەو دەوڵەتەی کە پێیەوە لکاوە بمێنێتەوە. جارێکی دیکەش هەر لە ڕێی ئەو دەزگا هەواڵگرییانەوە ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییە نێودەوڵەتییە دروست ببێتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە فشار بەسەر دەوڵەتەکەوە، ئەو دەوڵەتە ببێتە مایەی ئەوەی، ئایا پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیا لەگەڵ یەکێتی سۆڤییەتی کۆن دەبەستێت یان لەسەر حسابی ئەمریکا یا نا.؟ یا بە پێچەوانەوە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا دەبەستێت لەسەر حسابی یەکێتی سۆڤییەتی جاران.؟

گوڵنار: هەمیشە باس لەوە دەکرێت کە ئەمریکا و ئەورووپا بە دوای بەرژەوەندی خۆیانەوەن، کوردستانیش بەشێکە لە بوونی ئەو بەرژەوەندییە بۆ ئەوان، بۆچی ئەوان هەمیشە پەیوەندی لەگەڵ عێراق دەبەستن و کوردستان دەکەنە قوربانی ویست و بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بۆچی ڕاستەوخۆ ئەو پەیوەندییە لەگەڵ کورد و سەرانی کوردستاندا نابەستن کە تا ئێستاش دەرنەکەوتووە سەرانی کورد (پارتی و یەکێتی) بێگوێییان کردبێت بەرانبەر بە ئەمریکا و زلهێزانی دیکە.؟

شەفیق: لێرەدا پرسەکە هەندێ ئاڵۆزە، یان دەبێ وردبکرێتەوە. چ ئەمریکا بێ یان ئەوڕووپا کاتێ پەیوەندی لەگەڵ لایەنێکی دەبەستێ ئەوا بەپێی بەرژەوەندی خۆی و لەچوارچێوەی ڕێپێدراوی قانونی نێودەوڵەتیدا دەیبەستێ، لەگەڵ هاوشانەکانی خۆیان ڕایەڵەی پەیوەندی گرێدەدەن کە دەوڵەتن. کوردیش (هەر هیچ نەبێ لە سایکس-پیکۆوە تا ئێستا) دەوڵەت نەبووە. بۆیە وەک لە پرسیارەکانی پێشتریش ئاماژەمان بۆدا، هەم ئەم بێ قەوارەییە، هەم جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە، هەم هەڵقوڵانی شلە بۆگەنەکە، هەم هەبوونی دوو بلۆکی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی و جەنگی سارد و جەنگی لەبریتی، هەم بەفیرۆچوونی هاوارونالەی ئەحمەدی خانی و حاجی قادریش لەبەر باری ناتەبایی و جەهالەت، وایکردووە هەر لەچوارچێوەی دەوڵەتە پێوەگرێدراوەکاندا بخوێندرێینەوە و بخولێینەوە. ڕاستیەکی تاڵیش هەیە، کورد لەبەر زۆر هۆکار کە باسکراون نەیتوانییەووە خۆی وەک نەتەوەیەکی خاوەن ستراتیژیەکی ڕوون و سەرکردایەتییەکی دڵسۆز بسەلمێنێ، تا هەر هیچ نەبێ ئەمری واقیعێکی دیکە بچەسپێنێ. پێشتر ئاماژەمان بە بەڵێنی بلفۆری ١٩١٧ دا بۆ گەلی جوو، کە دواتر لە سیڤەر چەسپا، بەڵام چونکە ئەوان مکوڕ بوون لەسەر تاکە چارەسەر بەوەی دەبێ دەوڵەتیان هەبێ (بڕوانە بۆچوونی تیۆدۆر هرتزل لە نامیلکەی دەوڵەتی جوو)، ئەوەبوو لە ١٩٤٨دا سەلماندییان، کەچی ئێمە بەو هەموو شۆڕشانەی لاپەڕەی کتێبەکانی مێژوو باسیان دەکا، بەو سێ ماددە قانوونینەی ڕێککەوتنامەیەکی وەک سیڤەریش، کەچی هیچ .

گوڵنار: باست لە ئیسرائیل کرد، جەنابیشت لە بواری ئیسرائیل و کەسایەتی و دەزگا ئیسرائیلییەکاندا کۆمەڵێک کتێبت هەن، هەمیشە کوردیش بە ئیسرائیلی دووەم ناودێرکراوە، وە هەمیشە دەگوترێت کورد پەیوەندییەکی دیبلۆماسی ژێر بە ژێری لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە، ئەمە تا چەند ڕاستە.؟ وە ئایا کورد چۆن دەتوانێت سوود لە ئیسرائیل وەربگرێت.؟ وە ئیسرائیل ئەو سوودەی کامەیە کە دەستی دەکەوێت لە بوونی پەیوەندی لەگەڵ کورددا.؟

شەفیق: من تا ئێستا نزیکەی پێنج کتێبم لەو ١٦ کگێبانەی وەرگێڕاون، دەربارەی ئیسرائیل و ئەزموونی سەرکردەکانی و دەزگا هەواڵگرییەکانی بووە. شەشەمین کتێبیشم، کە یادەوری سەرکردەیەکی بەناوبانگی ئیسرائیل (مناحیم بیگن)ە ئامادەی چاپە. ئیسرائیل لە مێژووی خۆیدا ئەگەر بەراوردی بکەین ساڵی ١٩١٧ بەڵێنی بلفۆر کە تەنها (٦٧) وشە بوو لە ڕێی حکومەتی بەریتانیاوە بۆ یەکێک لە لۆردەکانی جوو دەردەچێت،

بەڵام لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دەست بە هاتنی بە لێشاوی خۆیان دەکەن و ئەو ڕووداوەی کە بە (هۆلۆکۆست) ناسراوە دەیقۆزنەوە بۆ ئەوەی هەموو جوولەکەکان لە ئەورووپا و لە شوێنەکانی تری جیهانەوە بێنە ئیسرائیل و دەوڵەتی خۆیان دروست بکەن. مەبەستم ئەوەیە لە سەرەتای جاڕدانی پەیمانی بلفۆڕ تا دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسرائیل ٣٠ ساڵ ناخەیەنێت، لە ماوەی ٣٠ ساڵدا و لە مێژوویەکی نەگبەتی دوورهاوێژی ئیسرائیلییەکان بەوەی کە کەمتر لە ٧٠٠ هەزار کەس لە فەلەستین بوون کاتێک کە سەربەخۆییان جاڕدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیان دەوڵەتێک دروست بکەن، نەک هەر دەوڵەتەکە دروست بکەن و مێژوو و جوگرافیای هەرێمەکەش بگۆڕن، بەڵکو لەسەر پێی خۆیان بوەستن، چونکە ئەوان وەک دوورگەیەک وابوون لەنێوان دەریایەکی هاروهاجدا. تا ئێستاش بەردەوامن و بەهێزتریش دەبن. مەبەستم ئەوەیە لە ڕووە ستراتیژییەکەوە، لە ڕووە سیاسییە کۆمەڵایەتییەکە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەیان بەدەستهێنا، بووە مایەی ئەوەی ببێتە دەرس و پەند و چاوی لێبکرێت، لە حاڵەتی لێکجیاکردنەوەو گرتنە بەری ئەو ئامانجانەی کە هاوبەشن لەگەڵ هەموو ئەو نەتەوانەی کە لە دەوروبەری خۆیاندان، بەڵام ئایا ئێمە تا چەند سوودمان لەو مەسەلەیە وەرگرتووە؟ لە پرسی ئەوان، لە سەرکردایەتی ئەوان لە ڕێڕەوە جووڵانەوە سیاسییەکەیان وەرگرتووە؟ چەند سوودمان لە بەرەنگاربوونەوەکەیان دژی ئەو دەوڵەتانەی کە هێرشیان کردۆتەسەر. بەڕای من ئەو سوودەی کە ئێمە لێمان وەرگرتووە شتێکی ئەوتۆ نییەو بەراورد ناکرێت، بەڵام ئایا کورد ئیسرائیلی دووەمە بەو شێوەیەی کە باس دەکرێ؟ بەڕای من ئەوە تێڕوانینێکی عەرەبانەی توندڕەوانە و تا ڕادەیەکیش ئیسلامییانەی سوننیانەیە، پێم وایە کورد ئیسرائیلی دووەم نییە لە ناوچەکەدا، هەرچەندە پەیوەندیشی لەگەڵ ئیسرائیل هەبووە لە ڕێی شۆڕشەکانییەوە، بەتایبەتی لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو، پەیوەندییەک دروست دەبێت لەگەڵ ئیسرائیل لەڕێگای دەزگای مۆسادەوە، لەساڵی ١٩٦٨ پەیوەندییەکە زۆر پتەوتر دەبێت، پەیوەندی هەبووە بەڵام ئەو پەیوەندییە بۆ بەرژەوەندی کورد بەشێوەیەک نەشکاوەتەوە، ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی سیاسیی نێودەوڵەتییانە بووە.

گوڵنار: کە کورد سوودمەندی ئەم پەیوەندییەی نەبووە لەگەڵ ئیسرائیل، ئەدی ئیسرائیل چ سوودێکی لەم پەیوەندییە وەرگرتووە.؟

شەفیق: لەبەر ئەوەی ئیسرائیل بەردەوام لە شەڕو ململانێدا بووە لە ١٩٤٨ و ١٩٦٧ و ١٩٧٣ لەگەڵ دەوڵەتەکانی دەوروبەری، لەگەڵ دەوڵەتە عەرەبییەکان و بەتایبەتتر دەوڵەتە دراوسێکانی وەک میسر و سوریاو ئوردن، عێراقیش یەکێک بووە لەو دەوڵەتانەی لە کۆدەتاکەی ١٩٥٨و دواتریش لە کۆدەتای دووەمی ١٩٦٣ ناسیۆنالیستە عەرەبەکان هاتنە سەر حوکم لەڕێگەی حوکمی عارفییەکان (عەبدولسەلام و عبدولڕەحمان و ئەلبەکر و سەدام) ئەوانە هیچ نەبێ لە ڕووی تیۆرییەوە بە حوکمی ئەوەی ناسیۆنالیستی توندڕەوبوون، عارفییەکان ناسری بوون واتە لایەنگری جەمال عەبدولناسری میسر بوون، بەشێوەیەک لە شێوەکان هەوڵیان دەدا عێراقیش وەک وڵاتێکی حسابۆکراو یارمەتی عەرەبەکانی سوریا و میسرو ئوردون بدەن دژی ئیسرائیل، یا هەر هیچ نەبێ هێز بنێرن بۆ ئەو شەڕەی کە ئەو سێ دەوڵەتە بەرامبەر بە ئیسرائیل بەرپایان کردووە. ئیسرائیلیش بۆ ئەوەی ئەمە بەردەوام نەبێت یا هیچ نەبێت دەستوپێی سوپای عێراق ببەستێتەوە و کێشەی بۆ دروستبکا و بە خۆیەوە سەرقاڵیبکا و نەتوانێ بیپەرژێتە سەر فەلەستین، بۆیە کێشەی لەناو سوپای عێراقدا دروست کردووە و باشترین هۆکاریش بۆ دروستکردن و بەردەوامیدان بەو کێشەیە یارمەتیدانی کورد بووە بەوەی کە ئەو جموجووڵ و نارەزایەتیی و چەوسانەوەیەی کە لەسەر کورد هەبووە، لە ڕێی سەرکردەکانی کورد و لەڕێی

**شۆڕشەکانی کوردەوە بقۆزرێتەوە. هەروەها لەڕێی شای ئێرانیشەوە وایکرد کە شای ئێران تا ساڵی ١٩٧٥ یارمەتی کورد بدا بۆ ئەوەی عێراق دوور بکەوێتەوە لەو پرسەی کە بە حسابی خۆی بەرگری لە فەلەستین دەکا لەڕێگای هەستی عوروبەوە بۆ میسر و سوریا و ئوردن.**

**گوڵنار: کەوایە کورد چ سوودێکی لەمە بینیوە، ئەگەر سوودیش نەبووە بۆچی بەردەوامی بەو پەیوەندییە داوە.؟**

**شەفیق: بێگومان ئیسرائیل سوودی بۆ خۆی لێبینیوە وەک باسمان کرد، کوردیش بە جۆرێک لە جۆرەکان سوودی لێ بینیوە، بەڵام لە چاو ئەوەی کە سوودی ئیسرائیل بووە و بە بەراورد بە سوودی ئەوان زۆر زۆر کەمە، ئەوەی تا ئێستا کورد سوودی لێبینیوە هەندێ ناساندن بووە، هەندێ چوونە دەرەوە بووە لەو بازنە تەسکەی هەرێمایەتی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا هەبووە. لەو ڕێگەیەوە کورد بە شێوەیەک لە شێوەکان ناسێنرا، بەگوێرەی ئەو کتێبەی کە ئێستا خەریکی وەرگێرانیم دەڵێ: لە ساڵی ١٩٦٢ – ١٩٦٣ ئەمریکییەکان بەرپرسی نوسینگەی هەواڵنێرانی ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز (دانا ئادەم سمیش) کە لە بەیروت بووە ناردوویانەتە کوردستان و دیداری لەگەڵ سەرکردایەتی ئەو کاتی شۆڕشی کورد کردووە. لەڕێی ئەو وتارانەوە کە ئەو ڕۆژنامەنووسە لە ١٩٦٢ – ١٩٦٤ لە نیویۆرک تایمز بڵاوی کردوونەتەوە، وایکردووە ئەمریکییەکان یا هەر هیچ نەبێ گوڵبژێری سیاسیی ئەمریکی و سیاسەتدارێژەرانی ئەمریکا لەوە تێبگەن، کە نەتەوەیەکی بندەست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت لەناو دەوڵەتی عێراقدا هەیە. لەو ڕێگەیەوە ئەو ناساندنە بووە، سوودی پەیوەندییەکە و چوونە دەرەوەی ناوبانگی کوردی بەدوادا هاتووە. لە دوای ئەوەش نێردەی کوردی چووەتە دەزگا سیاسییەکانی دەرەوە، بەتایبەتی سی ئای ئەی یا وەزارەتی دەرەوە، ئەو هاوکاری و پەیوەندییە لە بەرەو پێشچووندا بووە تا گەیشتۆتە ترۆپک لە ساڵی ١٩٧٤و ئیدی کۆتایی دێت، بەڵام لە ١٩٧٥ بەدواوە تا مانگی ٣ی ١٩٧٥ دەست لێبەربوونێک هەبووە لەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییە ئەوەش هەمووی بە حوکمی شای ئێرانەوە بوو کە لە ١٩٦٩ بەدواوە خەریکی ئەوە بووە ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەعس بکا لەبەر (شەتولعەرەب) لەسەر حسابی کورد، مەبەستم ئەوەیە ئەو کارەساتەی کە بەسەر کورددا هاتووە لە ١٩٧٥و کارەساتەکانی دیکەش بەشێکی بۆ سنووره جوگرافیا جیۆپۆلیتیەکەی ئێمە دەگەڕێتەوە، بەڵام پشکی شێری بۆ خۆمان و نەبوونی دیسپلینی خۆمان دەگەڕێتەوە، بەشێکی زۆری نێودەوڵەتیشی بۆ ئەو پەیوەندییەی ئێمە بە دەزگا سیاسییەکانی وڵاتانەوە دەگەڕێتەوە، کە ئێمەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێنا. ئیسرائیل بۆ ئەوەی عێراق دوورکەوێتەوە لە شەڕی عەرەب – ئیسرائیل، ئێران بۆ ئەوەی کورد ببێتە فشارێک بۆ سەر عێراق و دواتر عێراق سازشی بۆ بکا لەسەر ڕێڕەوە ئاوییەکەی شەتولعەرەب، بۆیە یارمەتیان داوین.**

**گوڵنار: بۆچی کورد هەمیشە داشی دامە بووە، یا هەمیشە چەکێک بووە بە دەستی زلهێزەکانەوە.؟**

**شەفیق: ئەمە پرسیارێکی زۆر سەختە، سەرەتاش ئاماژەم بەوە کرد، ڕەنگبێ من دەرەقەتی ئەو وەڵامە نەیەم، چونکە وەڵامێکی پڕ بە پێستی دەوێ، ئەو پرسیارە مامۆستا مەسعوود موحەممەدی بیرمەندیش کردوویەتی دەفەرمووێت: کورد ٢٥٠٠ ساڵە بۆچی هەروەک خۆی وایە؟ دەبێ بپرسین ئایا کورد ئەتنە، ڕەگەزە، یا نەتەوەیە؟ ئەگەر نەتەوە بێت بەو شێوەیەی کە کۆمەڵێک خاڵ و ئامانجی هاوبەش هەن و نەتەوەی پێ پێناسە دەکرێت یا توخمەکانی نەتەوە، ئایا لە کورددا جێگیرە؟ ئەگەر لە کورددا جێگیر بێ، تا چەند پەیڕەوی لێکراوە.؟ کەوایە کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی، سیاسی، پێکهاتەی دەروونی کورد ڕۆڵی تێدا دەبێ، با نموونەیەکی زۆر سادە بهێنینەوە، ڕەنگە ئەو نموونە سادەیە دواتر نموونەکە گەورەکەمان بۆ بێنێتە پێشچاو. من لە گوندێک لە دایک بووم (گرتک)، لە دۆڵی ڕۆست ٢٦ گوند بوون، گوندە هەر گەورەکەیان ناوی ڕوست بوو، لەدوای ئەوەش بە**

پلەی دووەم کە گەورە بێت گوندی گرتک بوو، گوندێک بێ و لە ١٩٧٨ وێران کرابێت لە شوێنێکی دوورە دەستی بناری هەڵگورد کە جادەشی لێ نەبوو دەبێ چەند گەورە بێ؟ هەر دەبێت ٢٠٠ تا ٥٠٠ ماڵ بێ، کە مناڵ بووم لە گەڕەکی لای خۆمان نەماندەتوانی بچینە گەڕەکەکەی دیکە، واتە گەڕەکەکەی دیکەمان نەبینیبوو، شەڕمان دەکرد بۆ ئەوەی بتوانین بچینە ئەوێ، مەبەستم ئەوەیە لەناو یەک گونددا منداڵانی ١٢ ساڵە تەواوی گوندەکەیان بە باشی نەبینیبێت، چ جای گوندێکی تر.؟ مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەو نموونەیە گەورەتر بکەین کورد لە حاڵەتی پەیوەندی بە یەک بووندا لە مێژوودا هەمووی حاڵەتێکی زۆر شڕۆڵ و شلۆق بووە، حاڵەتێکی زۆر خراپ و نێگەتیڤیانەی هەبووە، بەڕاستی لەوەشدا ئەو جوگرافیایە ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبووە، دەگوترێت شاخەکان هەمیشە پشتیوانی ئێمە بوون، هەمیشە یارمەتیدەری ئێمە بوون، هەمیشە دۆستی بەردەوامی ئێمە بوون، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دابڕێنەری ئێمە بوون، لە هەمانکاتدا دابڕێنەرێکی زۆر مەزن و چارەنووسسازی هەیە لەسەر داهاتووی کورد، کورد لە مێژووی خۆیدا مێژووی شاری نەبووە، بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەگەر باس لە شارو شارستانییەت و کۆمەڵگە بکەین لە پێدەشتدا بەڕاستی کورد ئەو حاڵەتەی نەبووە، کورد زیاتر حاڵەتی گەڕۆکی و ڕەوەندایەتی هەبووە، لە شوێنێکدا بە تەواوی جێگیر نەبووە، ئەم ناجێگیربوونەی و هەروەها هەڕەشەی دوژمنان و داگیرکەرانیشی لەسەری وایکردووە زیاتر پەنا بۆ شاخەکان بباو خۆی دابڕێنێ لە شارستانییەت و تێگەیشتن و خوێندەواری، ئەم حاڵەتانە هەموو کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر دەروونی کورد، بەدەر لەوەش بێگومان لەسەرێکی تریشەوە پرسی ئایدیۆلۆژیا، پرسی ئایین و لەناو ئایینیشدا پرسی مەزهەب ڕۆڵێکی گرنگی لەسەر ئەوە هەبووە.

گوڵنار: لەبارەی ئایینەوە دوایت، ئیسلام و کورد چ جۆرە دوانەیەک بوون.؟ بۆچی کورد سێکوچکەی تورک و فارس و عەرەب نەیتوانی لەسایەو سێبەری ئیسلامدا بحەسێتەوە.؟

شەفیق: ئەوە یەکێکە لە پرسە هەرە گرنگەکان، ئەگەر ئەو پرسە کاتی خۆی ڕاست بووبێت دەگوترێت ئایین ڕۆڵێکی زۆر خراپی بەسەر کورددا هەبووە کە نەیهێشتووە ببێتە دەوڵەت، بەڵام ١٠٠ ساڵ دوای ئیسلام ئەگەر ئەو پرسە ڕاست بووبێ، ئێستا ئەمن ئەو پرسە بە ڕاست نازانم، کە هەموو خەتایەکە بۆ ئیسلام بگەڕێنینەوە، ئەگەر گێڕانەوەی خەتا بۆ ئیسلام ڕاست بێ لەبارەی کوردەوە، ئەوا دەبێت بەدەر لە عەرەب بۆ فارسەکانیش ڕاست بێ، بۆ تورکەکان و نەتەوەکانی تریش ڕاست بێ.! یا ئەو نەتەوە غەیرە عەرەبانەی کە موسڵمان بوون و دەوڵەتیان درووست کردووە دەبێ بۆ ئەوانیش ڕاست بێت، دەبینیت لەناو ئەو هەموو نەتەوانەدا تەنها کورد وەک ڕیزپەڕێک لێی هەڵاوێرد کراوە، کەواتە ڕێسا گشتییەکە ڕاست نییە، کورد دەگمەنە، ڕێسا گشتییەکانیش بە گشتییەکەی دەپێورێت نەک بە ڕیزپەڕبوونەکەی، نەک بە لێدەرچوونی، لێرەدا دەبێ بگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە چی وایلێکردووە کورد ئەو حاڵەت و بیانووە بێنێتە پێشەوە کە ئایین ڕێگر بووە لە سەربەخۆبوونی.؟ کورد کێشەیەکی هەیە، ئەویش ئەوەیە هەر ئایینێک چووبێتە ناوییەوە لە ماکی (بنچینە)ی ئایینەکە دیندارتر بووە.! هەر ئایدیۆلۆژیایەک هاتووە لە خاوەنەکەی دڵسۆزتر بووە بۆی.! هەموو کاتێک کوچک لە ئاگردان گەرمتر بووە.. لەو حاڵەتەدا کورد تواوەتەوە لەنێو ئایین و ئایدیۆلۆژیاو سیاسەت و حیزبێکدا، لەجیاتی ئەوەی تاکی کورد بتوانێ ئەو ئایینە، ئەو ئایدیۆلۆژیایە، ئەو سیاسەتە بۆ بەرژەوەندی و بۆ پێگەی خۆی بەکار بێنێت و خۆی پێ بناسێنێت. بەدەر لەوەش ئەگەر وردتر ببینەوە لە پرسی ئایین، لەنێو ئایینیدا بەشی هەرە زۆری کورد ئیسلامە، لەنێو ئیسلامدا بەشە هەر زۆرەکەی سوننەیە، لەنێو سوننەکەی هەمووی شافیعییە، لێرەدا پرسیارێک خۆی قوت دەکاتەوە بۆچی شافیعی.؟ ئایا دەکرێ کورد هەمووی شافیعی بووای.؟ ئەگەر

ڕەچاوی هەر چوار مەزهەبە سوننییەکە بکەین بەدەر لە شافیعی و حەنبەلی، مالیکی و حەنەفی هەیە، بۆ تورکەکان توانیان سوود لە مەزهەبی حەنەفی وەرگرن چونکە دەسەڵات ناداتە عەرەب و لەناو عەرەبیشدا قۆرخی ناکا بۆ قورەیش.؟ بۆ ئەو مەبەستە من هەموو نووسینەکانی ئیمامی شافیعی ئەوانەی هی خۆیین و ئەوانەشی لەسەری نووسراون و ئەوانەشی هی دەوروبەرەکەین کۆمکردوونەتەوە، کتێبخانەیەکم هەیە سەرتاپای کتێبەکانی ناوی پێکهاتوون لە کتێبەکانی پەیوەست بە ئیمامی شافیعی، بەدوای ئەوەدا گەڕام کە بۆچی شافیعیزم لەناو کورددا بڵاو بۆتەوە.؟ یا بۆچی کورد هەمووی بۆتە شافیعی.؟ پرسیاری زۆریشم کردووە، بەڵام وازم لە کتێبەکە هێناوە لەوەچێ ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەڕێمەوە سەری، لێرەدا دەگوترێت شاگردەکانی شافیعی لە دوا دواییەکانی دەسەڵاتی ئەو کاتی عەبباسییەکان بەتایبەت ئەوەی کە سەلاحەدین و سوڵتان موزەفەری ئێرە شافیعییەتیان بڵاوکردۆتەوە، یا جووتبوونی یا ڕێگەپێدانی شافیعیزم بە سۆفیزم بەو ڕێگەیانەی کە دواتر ئەو سۆفیزمە لەلای کورد (چ قادری و چ نەقشی) بەو شێوەیە بڵاوبۆتەوە، ڕەنگە ئەوانە هەموو هۆکار بن وایان لەکورد کردووە کەمتر بەلای دونیادا بڕوا، کەمتر بەلای سیاسەتدا بڕوا، کەمتر بیر لە دەوڵەت بکاتەوە، وای لە تاکی کورد کردووە وەلی ئەمرەکەی هەرکەس بێت، دەسەڵاتەکەی هەرچۆنێک بێت کێشەی لەگەڵیدا نەبێت، بەڵکو زیاتر بەرەو قیامەت بڕوا، واتە دابڕانێک بێت لە سیاسەت، بۆیە دەڵێم لەناو ئاییندا شافیعی بوون لەوەچێ هۆکارێک بێت لە هۆکارەکانی بۆ بە لاڕێدابردنی ئەقڵ و نەستی کورد لە پرسە سیاسییەکان بە ڕێڕەوی قەوارەی خۆی، بۆ ئەوەی لەو بۆتەی کە ئێستا هەیە لە چوارچێوەی نەتەوەی سەردەست بمێنێتەوە، ئەگەرنا ئێمە بە لێکدانەوە عەقڵانییە مێژووییەکە بچینە بنج و بنەوانی هەر ئەو پێناسەیە دەگرێتە خۆی، هەر ئەو لێکدانەوەیە دێتە پێشەوە، ئەگەر دیسان دەبێتەوە بە حاڵەتێکی ڕیزپەڕ، ئەوەش دەبێتە نەگبەتییەک، کوێرەوەرییەک بەسەر ئەو حاڵەتەدا کە بەتایبەتی لێکدانەوەی عەقڵی کورد.